# سیروان تۆفیق:

## کوردستان تیڤی بەوەفا نەبووم بۆم





**بەشانازیەوە دەڵێم گەنجینە ئەگەر باشترین بەرنامەی مێژووی کارکردنی کوردستان تیڤی نەبێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە یەکێک بووە لەباشترین و پڕ بینەرترین بەرنامەکان**



**سازدانی: ئاوێنەکان**

ئامادەکارو پێشکەشکاری پێشووی بەرنامەی (گەنجینە) لەکەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی، سیروان تۆفیق ئاماژە بەوە دەکات کە لەسەرەتای تەمەنی منداڵیدا بەهۆی ئەوەی تاقانەی سێ خوشک بووە، زۆر گرنگیان پێداوەو لەهیچ شتێکدا بێدڵیان نەکردووە، بەڵام دواتر بەهۆی لەدایکبوونی دوو برای دیکەی ئەو نازو نیعمەتەی لێ کەمکراوەتەوە.

سیروان دوای دەرکەوتنی لەبەرنامەی (گەنجینە)ی کوردستان تیڤی، سەرنجی زۆربەی بینەرانی بەلای خۆیدا راکێشا، بەڵام ماوەی چەند مانگێکە لەو بەرنامەیە دوورکەوتۆتەوەو لەو بارەیەشەوە گلەیی لەکەناڵی کوردستان دەکاتو دەڵێت «بەداخەوە کورستان تیڤی بەوەفا نەبووم بۆم».

سیروان تۆفیق رەوف لەیەکەمین رۆژی مانگی سێی ١٩٧٦ لەشارۆچکەی دەربەندیخان هاتۆتە دنیاوە، خوێندنەکانی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی هەر لەوێ تەواوکردووە، بەڵام بەهۆی بەرنامەکەیەوە زۆربەی کات لەشاری هەولێر ژیانی بردۆتە سەر، سەبارەت بەو شارەش دەڵێت «هەولێر بۆتە بەشێکی گرنگ لەژیانمداو خۆشم دەوێت».

ناوبراو لەیەکەمین دیداری رۆژنامەوانیدا لەگەڵ گۆڤاری ئاوێنەکان قسە لەسەر بیرۆکەی بەرنامەکەو هۆکارە سەرەکییەکانی وازهێنانی دەکاتو بەجەماوەرەکەشی دەڵێت «بەمزوانە لەکەناڵێکی دیکەی کوردییەوە دەبمەوە میوانتان».

سیروان لەساڵی (٢٠٠٣)ەوە واتە لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە چۆتە شاری بەغدا، لەوێ لەگەڵ رۆژنامەی بەناوبانگی ( ئەلمۆند)ی ئیسپانی وەکو پرۆدیوسەر ماوەی ساڵێک کاریکردووە، دواتر کاتێک فەندی رۆژنامەکەیان لەعێراق تەواو بووە، لەرێگەی چەند هاورێیەکی نزیکیەوە داوای لێکراوە لەکەناڵی کوردستان تیڤی کار بکات، لەو کاتەوە تا کۆتایی ساڵی رابردوو بەردەوام بووە.

* وەک ئاشکرایە تۆ لەبەرنامەی (گەنجینە) وە دەرکەوتیتو ناسرایت، دەکرێ بزانین ئامانجتان لەو بەرنامەیە چیبوو؟

– لەمانگی جێنیوەری ساڵی ٢٠٠٧ بیرۆکەی بەرنامەی (گەنجینە)م خستە بەردەست بەرێوەبەری گشتی کوردستان تیڤی، دوای سێ مانگ لێکدانەوەو گفتوگۆی بەردەوامم لەگەڵی، تاوەکو قەناعەتی بەسازدانی بەرنامەکە هێنا، سەرەتا لەوە دەترسا بەرنامەکە لەبەر گشتگیریو ئاڵۆزی بابەتەکانی سەرکەوتوو نەبێت، بەڵام کاتێک زانی من پێداگیرم لەسەر بەرنامەکەو مەسئولیەتی سەرکەوتنیشیم لەئەستۆ دەگرت، پشتگیریەکی باشی لێکردم بەمەرجێک خۆم بەرنامەکە پێشکەش بکەم. هەرچەندە لەزۆر لایەنەوە هەر لەناو کوردستان تیڤیدا، گرەوی شکستخواردنو بەردەوام نەبوونی بەرنامەکەیان دەکرد، بەڵام بڵاوبوونەوەی یەکەم ئەڵقەی گەنجینەو سەرکەوتنو دەنگدانەوەی، هەموویانی بێدەنگ کرد.

ئامانجی من لە بیرۆکەی بەرنامەکە، ئاورلێدانەوەو هەڵسەنگاندنی لایەنە ژیانیو ژیارییەکانی گەنجانی کورد بوو، شرۆڤە کردنی پرسو خواستە هەنوکەییەکانی گەنج و دەرخستنی تواناکانیانو لەهەمانکاتیشدا بۆئەوەی ببێتە دەلاقەیەکی هونەریو رووناکبیری ئاڵو واڵا، بۆئەوەی لەگەڵ لایەنە فکریو مەعریفیەکاندا حەزو چێژێکی هونەریو ئەدەبی سەنگینیش بەبینەر ببەخشێتو لەگەڵیشیدا پێیان بڵێتو بیریان بهێنێتەوە کە لەگەڵ بەسەر بردنی ساتە خۆشەکانی ئێوەدا، کۆلانێک یان گوندێک یان شارێک لەتۆ دوورتر، کەسێک و خێزانێک لەخۆشیەکانی ژیان بێبەشنو پێویستیان بەیارمەتی و هاریکاری ئێمە هەیە، لەهەمووشی گرنکتر ئەوەبوو کە کۆمەڵگای ئێمە رابهێنێت، گیانی هاریکاریان لەلا دروست ببێتو لەهەمانکاتیشدا پێیان شەرم نەبێت لەسەر شاشەی تیڤیەک، خەمەکانی خۆیان ئاشکرا بکەن بەئومێدی فریاد رەسێک.

* بەبڕوای خۆت، تا چەند پەیامی بەرنامەکە گەیشتە بینەر و کاردانەوەی لای خەڵکی چۆن بوو؟

– دەتوانم بڵێم بەرنامەی گەنجینە لەگەڵ یەکەم ئەڵقەیدا پەیامەکەی بەزوویيو بەسادەیی گەیشتە بینەران، لەیەکەم ئەڵقەیدا خانوویەک بۆ دوو کچو کوری گەنج دروستکرا لەلایەن خێرخوازێکەوە، کە ئەو گەنجانە تازە ژیانی هاوسەرێتیان پێکهێنا بوو لەبێ جێگەیدا لەتەویلەیەکدا دەژیان، بەدوای ئەواندا چەند خانوویەکی دیکەو دەیان نەشتەرگەری گەورەو هاریکاری مادديو مەعنەویو چارەسەری کێشەی بەدوادا هات، خۆشبەختانە گەنجینە بوو بەتاکە ئومێدو تروسکایی ئەو کەسانەی کە دەنگیان بەکەس نەدەگەشت، لەو نێوەندەشدا جگە لەهاریکاری خەڵکی ئاسایی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانو سەرۆکی حکومەتی هەرێمو تەنانەت سەرۆکی حکومەتی عێراق، نوری مالکیو دەیان رێکخراوو کەسایەتی دیکە لەبەدەنگەوە هاتنو چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵکی کە لە گەنجینەدا دەخرایەروو، بەشداری فعلیان هەبوو، ئەمەش دیوێکی دیکەی مەبەستەکەی من بوو کە هەریەک لەخەڵک و حکومەت و کۆمەڵگە بەتێکرا لەئاست گەنجێک، یان هەر تاکێکی دیکەی کۆمەڵگا بەرپرسیارن.

* بیرۆکەی بەرنامەکە لەبەرنامەی کەناڵە ئاسمانییە بیانییەکانەوە وەرنەگیراوە؟

– نەخێر بیرۆکەی ئەم بەرنامەیە لەهیچ تیڤیەکی نەبیانیو نەخوماڵیەوە وەرنەگیراوە، خۆم بیرۆکەی ئەم بەرنامەیەم گەڵاڵە کرد بەسەرنجو تێبینی چەند هاورێیەکی نزیکم بیرۆکەکە دەوڵەمەنترکراو لەیەکەم ئەڵقەیەوە تا ئێستاش هەر بەهەمان بیرۆکەوە بەرنامەکە پێشکەش دەکرێت، بۆیە بەشانازیەوە دەڵێم گەنجینە ئەگەر باشترین بەرنامەی مێژووی کارکردنی کوردستان تیڤی نەبێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە یەکێک بووە لەباشترین و پڕ بینەرترین بەرنامەکان، دیسانەوە شانازی دەکەم کە من وەکو سیروان خاوەنی بیرۆکەو ئامادەکارو پێشکەشکاری ئەو بەرنامەیە بووم بۆماوەی ساڵێک و شەش مانگ کارم تێدا کرد، ئێستاش وا بۆ ماوەی دوو ساڵ دەچێت بەردەوامە.

* یەکێک لەو جیاکاریانەی لەبەرنامەکەدا هەستی پێدەکـــرا، گۆڕانکاریی بوو لەبانگهێشـــتکردنی میوانانەکانـــدا، ئەمـــە گۆڕانکارییەکی باش بوو بۆ تۆ بۆئەوەی تەنها بەکەســـایەتییەکەوە دەق نەگریت؟

- دەقنەگرتنی بەرنامەی گەنجینە بەمیوانێکەوە یاخود هەمەچەشـــنیو جیاوازی میوانەکان هەر ئەڵقەیەکو دەبووە سەرســـوڕمانێک بۆ بینەران، لەمەشـــیاندا زیرەکـــی ئەوەی تێدا بـــوو کە تۆ زۆرترین حـــەز و خولیا لـــە ڕووە جیاوازەکانی ئەدەبی هونەری میوزیک و روشـــنبیری لەتەنها بەرنامەیەکی یـــەک کاتژمێریدا کـــۆ بکەیتەوە، هـــەروەک چۆن من توانیم بۆ یەکەمجار بیرۆکەی بەرنامەیـــەک بەگشـــتی لـــە دەوری خاڵێکـــی ســـەرەکی کۆبکەمەوە کە لایەنە مروڤدۆستی و خێرخوازیەکەی مەبەست بێت، دواتر تیڤیەکانی دیکەش هەمـــان ئاراســـتەی کاری خێرخۆازیان خستە بەشێک لە ستراتیژیەتی بەرنامەکانیان، من بەشبەحاڵی خوم بەهەموویان خۆشحاڵم، چونکە لەگەڵ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەک و هەوڵێکی مروڤدۆستانە، دەرەنجامی کاری تیڤیەکانی دیکە وەک یەکەمیـــن کـــەس کە بەو کارە هەســـتاوم خۆم بەبەشـــێک لەبەشـــداری ئەو چارەسەریەدا دەبینمەوە، بەهەمان شـــێوەش لەڕووی جیاوازی میوانەکانیشـــەوە بـــۆ یەکەمجـــار بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی وەکو گەنجینـــە لەقاڵبی گورانیبێژ هاتە دەرێ و شـــاعیرێک یاخود موزیســـیانێک بکاتە تـــەوەرەی ســـەرەکی بەرنامەکەی کە لە ئاســـتی بینەرانیشـــی نەهێنێتە خوارێو ئاستی بەرنامەکەش دانەبەزێنێت، ئەزموونێکی تازە بوو کە دەرگای بۆ زۆر لەپرۆگرامە تەلەفزێونیەکانی دیکەش کردەوە، بۆئەوەی تواناکانی شـــاعیرانو موزیسیانەکانیش نیشان بدەین، من بەشبەحاڵی خۆم ئەو بەرنامانەی میوانی ســـەرەکیان شاعیر بوون لەڕوی ڕەنگدانەوەی لای بینەران لەئاســـت ئـــەو بەرنامانـــەدا دەبینم کە بـــۆ هونەرمەندە گۆرانیبێـــژە ناودارەکانم کردووە ئەگەر زیاتریش نەبن.

* دوای ماوەیەکـــی زۆر لەپێشکەشـــکردنی بەرنامەکـــە، بـــەڵام ماوەی چەنـــد مانگێکە لەو بەرنامەیـــە دابڕاویـــت، دەکرێ هـــۆکاری ئەوە بزانین؟

- بەر لـــەوەی باس لەهـــۆکاری دوورکەوتنەوەم لەبەرنامەی گەنجینەو کوردستان تیڤی بەگشتی بکـــەم، دەمەوێت ئـــەوە بڵیم خـــۆم بەقەرزاری کوردستان تیڤی دەزانمو زۆر شت لەو شاشەیەوە فێر بوومو منی بەخەڵکی ناســـاند، لەهەمانکاتدا منیش بەشـــبەحاڵی خـــۆم زۆرم پێبەخشـــیو بەدڵســـوزیو خەمخۆرییـــەوە خزمەتـــم کـــرد، هەروەها دەمەوێـــت لـــــەڕێگەی ئاوێنەکانەوە ڕێزو ســـوپاس و خۆشەویســـتی خۆم ئاڕاستەی بینەرەکانـــی بکـــەم کـــە بـــەردەوام لەئاســـت دەستخۆشـــی و هەڵســـەنگاندنی پۆزەتیڤانەی ئەوان لەناوەوەو دەرەوەی کوردســـتان چ بۆ من وەکو پێشکەشـــکار، چ بـــۆ بەرنامەکەش خۆم بەقەرزار دەزانم.

ســـەبارەت بەهۆکاری دورکەوتنەوەم لەبەرنامەی گەنجینەو کوردستان تیڤی، دەتوانم بڵێم ئەزمونی شەش ساڵی کوردستان تیڤی بۆی سەلماندم کە لەو کەناڵە ناوبانگ سەری ساحێبەکەی دەخوات نمونەکانیش زورن.

بەنیســـبەت منەوە هۆکارەکان، شتێکی لەناکاو بـــوو، لەمانگی (٧ی ســـاڵی ٢٠٠٨) بەمۆڵەتی رەسمی کوردستان تیڤی و لەسەر ئەرکی خۆم بۆ پشوودان سەفەری چەند وڵاتێکی ئەوروپام کرد، بڕیار بوو لەوێش چەند بەرنامەیەک لەگەڵ گەنجان و ڕەوەندی کوردی ئەورووپا ســـاز بکەین، بەڵام پاش گەڕانەوەم لەسەفەرەکەم هەستم بەپیلانێک دەکرد لەلایەن چەند کەسێکەوە لەناو کوردستان تیڤیی، کە زۆربەی کات خۆشـــیان وەکو هاوڕێی نزیکـــی من نیشـــاندەدا و بەدێوێکی دیکەشـــدا بەرژەوەندیـــان لەگەڵ ئەوەدا بـــوو من گەنجینە بەجێبهێڵم، ئەم ڕاستیە هەموو کوردستان تیڤی دەیزانێـــت، پیلان و هەڵســـوکەوتەکان ئەوەندە ناشـــیرین و قێزەون بوون دڵمـــی لەبەرنامەکەو کوردســـتان تیڤیش رەنجاند، بەتایبەتی کاتێک بینیم بەڕێوەبەرایەتی کوردستان تیڤی خۆی لێ بێدەنگ دەکات. بەدوای ئەویشـــدا نەخۆشـــی و کارەساتێکی زور زەحمەتی باوکمی بەدوادا هات، دیســـانەوە کوردســـتان تیڤی و بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی ئـــەو تەلەفزیۆنەی بۆ ماوەی شـــەش ســـاڵ بەبەردەوامـــی و توانای خۆمـــەوە کارم بو پێشخســـتنی دەکـــرد، تەنانـــەت لەڕوویەکی کەمی مەعنەویشـــەوە هاوخەمی مـــن نەبوون، بۆیـــە دڵئێشـــان و گلەیم لە کوردســـتان تیڤی زیادی کرد و دەستلەکارکێشـــانەوەم پێشکەش بەبەڕێوەبەرایەتی گشـــتی کـــرد، هەرچەندە تا ئێســـتاش وەڵامەکەیـــم دەســـت نەکەوتۆتەوە. بەداخەوە کوردســـتان تیڤی هاوڕێیەکی بەوەفا نەبوو بۆم بۆیە وازم لێهێنا.

* بەنیازیـــت چ پڕۆژەیەکـــی دیکـــە لەبـــواری ڕاگەیاندندا بکەیت؟

- بەنیسبەت پرۆژەی تازەی کارکردنم لەتیڤی، تا ئەم ساتە بڕیاری هیچ کارێکم نەداوە، هەرچەندە لەلایەن چەند تەلەفزێونێکی ئاسمانی کوردییەوە کە من لێرەوە زۆر سوپاسیان دەکەم ئەو داواکاریەم ئاڕاســـتە کراوە. بەشـــبەحاڵی خۆم وەڵامەکانم دوادەخســـت و کارکردنم ڕاگرتبوو، بەڵام بەهۆی هەواڵپرســـینی بەردەوامی بینەرانـــەوە، پێیان دەڵێم بەمزووانە لەیەکێک لە تیڤیە کوردیەکانەوە بەبەرنامەیەکی ســـەرنجڕاکێش دەبمەوە میوانی ماڵەکانتان، چونکە وەکو وتـــم ڕاگەیاندن بۆتە بەشێک لەژیانو خولیاکانمو ناتوانم دەستبەرداری بم، چونکە دەستکەوتەکەی زۆر بەنرخە، ئەویش خۆشەویستی خەڵکیە.



